# نامیلکەی هاوس پراود (Houseproud)

## بەخێر بێی بۆ هاوس پراود
ئەگەر خانووبەرەکەت پێویستی بە چاك کردنەوە، چاکسازی یان گۆڕانکاری هەیە، ئەوا هاوس پراود دەتوانێ یارمەتیت بدات.

ئێمە لەوە ئاگادارین کە کاروباری بەنایی و دروست کردنی خانووبەرە خۆی لە خۆیدا کارێکی سەرێشەیە تەنانەت بە بێ ئەوەی زەرەبەنای نەشارەزا و لەکارنەزان کارەکەت بە ناتەواوی بۆ ئەنجام بدەن یان سەبارەت بەوە نیگەران بیت کە خەرجی ئەم کارانە چۆن دابین بکەیت. بێگومان خەڵکانێکی زۆر بیریان لەو ئاستەنگانە کردۆتەوە و دڵ و دەستیان لە ئەنجامدانی کاری بەنایی لە خانووبەرەکەیاندا بە یەکجاری سارد بۆتەوە.

هاوس پراود ڕێگا چارەیەکی بێ مەترسی و هاسانت پیشان دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە لە خانووبەرەکەتدا بە شێوەیەکی پسپۆڕانە و بە بێ کەمترین سەرێشە. هاوس پراود هەروەها دەتوانێ یارمەتی داراییت بدات ئەگەر ئاستەنگێکت سەبارەت بە دەستەبەر کردنی خەرجی ئەم کارانە هەبێت.

هاوس پراود چەندین جۆر قەرز و سولفە پێشکەش دەکات. ئەم قەرزانە لە لایەکەوە بە هاسانی دەدرێنەوە و پێداویستەکانی خەڵکانی ساڵمەند و پەك کەوتوو و کەم ئەندام دابین دەکەن، لە لایەکی تریشەوە پێشکەش کردنی ئەم قەرزانە هەرچیەك ڕوو بدات و بە هیچ شێوەیەك بەو واتایە نابێت کە لە دوارۆژ دا خانووەکەت لێ داگیر دەگرێت.

هاوس پراود لە لایەن کۆمەڵێك ڕێکخراوی 'بەرژەوەندی نەخواز' کە لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی شار کار دەکەن بەرێوە دەچێت. تەنیا ئاواتی هاوس پراود ئەوەیە کە یارمەتی ئەو خاوەن ماڵانە بدات کە تەمەنیان 60 ساڵ یان زیاترە ـ یان هەر خێزانێك کە ئەندامێکی کەم ئەندامی بە هەر تەمەنێك بێت هەبێت ـ بۆ ئەنجامدانی کاری چاك کردنەوە، چاکسازی و گۆڕانکاری لە خانووبەرەکەیاندا بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو خێزانانە بتوانن بە سەلامەتی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ ژیانێکی خۆش لە خانووبەرەکەیاندا بەرنە سەر.

## هاوس پراود چۆن کار دەکات؟
هاوس پراود لە سەرەتای کارەکەوە تا کۆتایی کارەکە خزمەتگوزارییەکی هەمەلایەنەی چاکسازی خانووبەرە پێشکەش دەکات.

بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی چاکسازی خانووبەرە چەند راوێژکارێکی هاوس پراودت بۆ دیاری دەکرێ. ئەم راوێژکارانە پێت دەڵێن خانووبەرەکەت پێویستی بە چ جۆرە چاك کردنەوە، چاکسازی یان گۆڕانکاریەك هەیە. ئەوان هەروەها دەتوانن ئەوەشت بۆ ڕوون بکەنەوە کە ئایا شیاوی وەرگرتنی هیچ جۆرە یارمەتییەك هەیت یان نا.

ئەنجومەنی شار کاتێك بۆ راوێژکاری دیاری کراوت دەست نیشان دەکات بۆ ئەوەی سەردانی ماڵەوەت بکا و بزانێ خانووەکەت پێویستی بە چ جۆرە کارێکی چاکسازی هەیە و ئەنجامدانی ئەم کارانە بە مەزندە چەندی تێدەچێت. دوای ئەوەی لەسەر چۆنیەتی دانی خەرجی کارەکان پێك هاتین، ئەنجومەنی شار بەنایەکی شارەزا و لە کارزانت بۆ دەدۆزێتەوە و کارەکە دەتوانێ دەست پێ بکات. ئەنجومەنی شار هەروەها لەپاش تەواوبوونی کارەکە خانووەکەت بەسەر دەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کارەکە بە باشی ئەنجام دراوە.

## چۆن دەتوانم خەرجی کارەکان بدەم؟
هاوس پراود چەندین جۆر قەرز و سولفە پێشکەش دەکات. ئەم قەرزانە بە هاسانی دەدرێنەوە و پێداویستەکانی خەڵکانی ساڵمەند و پەك کەوتە و کەم ئەندام دابین دەکەن.

لەگەڵ هۆم پراودا دەکرێ بەشێك لە نرخی خانووەکەت وەکو بەشێك لە قەرزەکەت بەکار بهێنرێت بۆ دەستەبەرکردنی خەرجی ئەو کارانەی لە خانووەکەت دا ئەنجام دەدرێن. کاتێك سەبارەت بە باشترین جۆری قەرز بڕیار دەدرێت ئەوا بارودۆخی تاکەکەسیت دەخرێتە بەرچاو. لە چەند حاڵەتێك دا تەنانەت پێویست بەوە ناکات لە ماوی ژیانتدا ئەو پارەیەی بە قەرزت وەرگرتوە بە خاوەنەکەی بدەیتەوە. لە جیاتی ئەمە، ئەو برە پارەیەی بە قەرزی وەردەگری و ئەو سوودەی دەخرێتە سەری لە کاتی فرۆشتنی خانووبەرەکەت دا لە نرخی فرۆشراو هەڵدەگیرێت.

دوای ئەوەی بۆت دەرکەوت پێویستیت بە چ برە پارەیەك هەیە ئەوا ئێمە هەموو هاسانکاریەکت بۆ ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی بتوانی ئەو پارەیە بە قەرز وەربگریت.

## چی دەبێت ئەگەر نەمەوێت هیچ پارەیەك بە قەرز وەربگرم؟
زۆر ئاساییە. ئەگەر وات پێ باشترە خەرجی کارەکان لە پارەی تایبەت بە خۆت یان لە ڕێگایەکی ترەوە دابین بکەیت، ئەوا دەتوانی بە بێ ئەوەی پارەیەك بە قەرز بگریت لە خزمەتگوزاری هاوس پراود کەڵك وەربگریت.

## چ جۆرە قەرزێك لەبەر دەست دان؟
جۆرەکانی قەرز بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە:

- **قەرز بۆ وەرگرتنەوەی پارەی بە قەرزدراو**
- **ئەو قەرزەی تەنیا سوودەکەی دەدەیتەوە**
- **دانەوە و سوودی پارەی بەقەرز دراو**

## قەرز بۆ وەرگرتنەوەی پارەی بە قەرزدراو
کاتێك بەم شێوەیە پارەیەك بە قەرز وەردەگریت، پێویست ناکات لە کاتی ئێستا دا هیچ پارەیەك بدەیتەوە.

تەنیا ئەو کاتە پارەی قەرزەکە دەدەیتەوە کە خانووی ئێستات چیتر خانووی سەرەکیت نەبێت و بیفرۆشیت. کاتێك خانووەکەت دەفرۆشرێت، بۆ نمونە دوای مردنت، ئەو بانکەی پارەکەی بە قەرز پێ داویت (دەسمایەکە) وەردەگرێتەوە، وێرای سەرجەمی ئەو سوودەی لە ماوەی پێش فرۆشتنی خانوەکە لەسەریەك کۆبووبێتەوە. ئەو برە پارەیەی دەمێنێتەوە دەبەسترێتەوە بە بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخی خانوەکەت لە ماوەی دیاریکراو دا.

بەڵام تۆ دەتوانی ئەگەر بتەوێت زووتریش دەست بە دانەوەی ئەو پارەیە بکەیت کە بە قەرزت وەرگرتوە ـ سەرەتا دەتوانی سوودەکەی بدەیتەوە و دواتر پارەکە خۆی بدەیتەوە. هەروەها دەتوانی هەموو پارەکە وێرای ئەو قازانجەی دێتە سەری بە جارێك بدەیتەوە. ئەگەر قەرزەکەت زووتر بدەیتەوە ئەوا هیچ پارەیەکی زیادیت لێ وەرناگیرێت، لە ساڵی یەکەم دا نەبێت کە رەنگە پارەیەکت لێ وەربگرێت کە بریتی دەبێ لە بڕی دوو مانگ قازانجی پارەی بە قەرز وەرگیراو.

بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم پارەیە بەو کەسانە بە قەرز دەدرێت کە بەتەنیان یان لەگەڵ هاوسەریاندا دەژین و تەمەنیان 75 ساڵ یان زیاترە. ژن و مێرد پێویستە داوایەکی هاوبەش پێشکەش بکەن.

ئاگاداری ئەوە بە کە لە دوارۆژ دا ئەگەر بتەوێت لەم خانوەی ئێستات دەربچیت یان بیفرۆشیت یان بەمیرات بۆ خێزانەکەت بەجێی بهێڵێت ئەو پارەیەی ئێستا بە سولفە وەری دەگری پێداویستەکانت دابین دەکات.

## ئەو قەرزەی تەنیا سوودەکەی دەدەیتەوە

هەموو مانگێك تەنیا قازانجی پارەی بە قەرز وەرگیراو دەدەیتەوە و هەتا ئەو کاتەی خانوەکەت دەفرۆشرێ درێژە بە دانی قازانج دەدەیت. بڕی ئەو پارەیەی ئێستا وەری دەگریت (دەسمایە) کەم نابێتەوە و کاتێك بە تەواوی دەدرێتەوە کە ئەم خانوەت چیتر خانووی سەرەکی ژیانت نەبێت یان فرۆشرابێت.

کاتێك خانوەکەت دەفرۆشرێت، ئەو بانکەی پارەی بە قەرز پێ داویت لە پارەی فرۆشی خانوەکەت پارەی خۆی ـ و هەر قازانجێك کە پێی نەدرابێتەوە ـ وەردەگرێتەوە.

دەتوانی ئەو پارەیەی بە قەرز وەرت گرتوە بە هەر شێوەیەك بتەوێت بدەیتەوە. هەتا ئەو کاتەی پارەی بە قەرزوەرگیراو بە تەواوی دەدەیتەوە پێویستە قازانجی ئەم پارەیە بدەیت.

ئەگەر قەرزەکەت زووتر بدەیتەوە ئەوا هیچ پارەیەکی زیادیت لێ وەرناگیرێت، لە ساڵی یەکەم دا نەبێت کە رەنگە پارەیەکت لێ وەربگرێت کە بریتی دەبێ لە بری دوو مانگ قازانجی پارەی بە قەرز وەرگیراو.

ئەم قەرزە تایبەت بەو کەسانەیە کە بەتەنیان یان لەگەڵ هاوسەرەکەیاندا دەژین و تەمەنیان 60 ساڵ یان زیاترە یان کەسێکی کەم ئەندام لە خێزانەکەیاندا دەژی.

## دانەوە و سوودی پارەی بەقەرز دراو

ئەمە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی دانەوەی ئەو پارەیەیە کە بە قەرزت وەرگرتوە. هەموو مانگێك قازانجی پارەی بە قەرز وەرگیراو و هەروەها بەشێك لەو پارەیەی بە قەرزت وەرگرتوە دەدەیتەوە.

تۆ لەگەڵ ئەو لایەنەی پارەت بە قەرز پێ دەدات لەسەر درێژایی ماوەی دانەوەی پارەکە پێك دێیت. ئەگەر ماوەی دانەوەی پارەکە کورت بێت ئەوا بڕی ئەو پارەیەی دەبێ بیدەیتەوە زیاتر دەبێت، بەڵام دیارە بەم شێوەیە پارەکە زووتر دەدەیتەوە.

ئەم جۆرە قەرزە تایبەت بەو کەسانەیە کە بەتەنیان یان لەگەڵ هاوسەریان دەژین و تەمەنیان 60 ساڵە یان ئەو خێزانانەی ئەندامێکی کەم ئەندامیان لەهەر تەمەنێکدا دا بێت هەیە.

## بە چ شێوەیەك ئاستی قازانجی پارەی بەقەرزوەرگیراو پێشەکی دیاری دەکرێ؟

ئاستی قازانجی پارەی بەقەرزدراو بە پێی کات دەگۆڕێ. کاتێك نرخێکی پێشکەشکراو پەسند دەکەیت ئاستی ئەم قازانجەت بۆ دیاری دەکرێ. هەر کاتێکیش ئاستی قازانجی پارەی بەقەرزدراو بگۆڕێ ئەوا ئاگادار دەکرێیت.

## چۆن دەتوانم بڕیار بدەم کامە قەرز بۆ من باشترە؟

ئێمە دەمانەوێ باشترین و گونجاوترین قەرز بۆ خۆت هەڵبژێری، هەر بۆیەش هاوس پراود خزمەتگوزاریەکی راوێژکاری دارایی سەربەخۆت بەخۆڕایی پێشکەش دەکات. ئەم راوێژکارە لە راپۆرتی نووسراوی خۆی دا ئامۆژگاری خۆی بۆ هەڵبژاردنی باشترین قەرز بۆ تۆ دەست نیشان دەکا.

ئێمە هەروەها داوات لێدەکەین لەگەڵ ئەندامانی خێزانت قسە بکەیت، ئەگەریش پێویست بێت دەتوانی لەگەڵ ئامۆژگاری یاسایی خۆتیش قسە بکەیت.

## چاوم بە چەند راپۆرتێك کەوتوە کە پێوەندیان بە چەند بەرنامەیەکی تر هەبوە و نیگەرانیان کردووم. چۆن دەتوانم سەبارەت بەمەیان دڵنیابم؟

هاوس پراود لە لایەن ئەنجومەنی شار و هاوکاریانەوە پشتگیری دەکرێ و ئاواتی هەموو ئەو لایەنانە ئەوەیە بتوانی بەسەلامەتی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ درێژە بە ژیانی خۆت لە ماڵی ئێستات بدەیت.

## ئایا مەترسی لەدەست دانی خانوەکەم لەسەر دەبێت؟

کاتێك لەگەڵ هاوس پراودایت هەرگیز خانووەکەت ناکەوێتە مەترسییەوە. هەموو ئەو پارانەی بە قەرز دەدرێن ئەوە مسۆگەر دەکەن هەتا ئەو کاتەی لەو ماڵەت دەژیت خانوەکەت لێ وەرناگیرێت.

## چەند دەتوانم بە قەرز وەربگرم؟

لە کاتی بریاردان لەسەر ئاستی ئەو پارەیەی بە قەرز پێت دەدرێ داهاتت و نرخی خانوەکەت دەخرێنە بەرچاو. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەمە لە £3.000 وە دەست پێدەکات و تا 30٪ ی نرخی خانوەکەت رەنگە بە قەرز پێ بدرێت.

ئێمە بۆ بەرژەوەندی خۆت دەمانەوێ لەوە دڵنیا بین کە ئەو پارەیەی دەتەوێ بە قەرز وەری بگریت دەتوانی لە داهاتوو دا بە هاسانی بیدەیتەوە.

## ئایا پێویستیم بە تەئمین (ئەنشوورانس) هەیە؟

بەڵێ. ئەگەر پارەیەك بە قەرز وەردەگریت ئەوا پێویستە ماڵەکەت تەئمین بکەیت.

لە سیستەمی قەرز بۆ وەرگرتنەوەی پارەی بە قەرزدراودا ئەگەر خانوەکەت لەگەڵ کۆمپانیایەکی جیاواز لەو بانکەی پارەت بە قەرز پێ دەدات تەئمین بکەیت، ئەوا دەبێت وەکو بەشێك لە گرێ بەستەکە هەموو ساڵێك بری £10 بە بانکەکەت بدەیت. بەڵام سەبارەت بە قەرزەکانی تر، ئەگەر ئەو بانکە یان کۆمپانیایەی پارەت بە قەرز پێ دەدات خانوەکەت تەئمین نەکات، ئەوا بۆ تاقە جارێك بری £25 ت لێ وەردەگرێت.

## ئایا پێویستە تاقی کردنەوەی پزیشکی ئەنجام بدەم؟

بەشێوەیەکی ئاسایی هیچ بەڵگەنامەیەکی تەندروستیت لێ داوا ناکرێت، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان لە 60 ساڵ کەمترە پێویستیمان بە بەڵگەنامەیەکی پزیشکی دەبێت کە لە ماڵەکەی دا ئەندامێکی کەم ئەندامی هەیە.

## من شیاوی وەرگرتنی یارمەتی هاسانکاریەکانی کەسانی کەم ئەندامم ـ ئایا دەتوانم پارەیەك لە هاوس پراود بە قەرز وەربگرم؟

بەڵێ. ئەگەر شیاوی وەرگرتنی یارمەتی هاسانکاریەکانی کەسانی کەم ئەندامیت، ئەوا هاوس پراود دەتوانێ یارمەتیت بدات خەرجی ئەو کارانە بدەیت کە پێویستە لە خانوەکەت ئەنجام بدرێن یان بۆ دانی ئەو خەرجەی یارمەتیەکە نای گرێتەوە.

## ئایا سنوورێك بۆ تەمەن دیاری کراوە؟

ئەگەر بڕیار بدەیت ئەو قەرزەی تەنیا سوودەکەی دەدەیتەوە یان دانەوەی سوودی پارەی بەقەرزدراو وەربگریت، ئەوا پێویستە تەمەنت 60 ساڵ یان زیاتر بێت یان ئەندامێکی کەم ئەندامت لە خێزانت دا هەبێت. ئەو خاوەن ماڵانەی تەمەنیان 75 ساڵ یان زیاترە دەتوانن کەڵك لە قەرز بۆ وەرگرتنەوەی پارەی بە قەرزدراو وەربگرن.

## ئایا هیچ خەرجێکی تر لە ئارادا هەیە؟

چەند خەرجێکی زیادی لەکاتی هەڵسەنگاندنی نرخی خانوو و بۆ راپەڕاندنی کاروباری ئیداری و یاسایی هەن. هاوس پراود بەجۆرێك سەبارەن بەم خەرجانە گفتوگۆی کردوە کە دابین کردنیان هاسان بێت. پێش ئەوەی بریارێکی یەکجاری لەسەر قەرزێك بدەیت لەو خەرجانە ئاگادار دەکرێیت ـ دیارە هەتا ئەو کاتەی بریارت نەداوە پارەیەك بە قەرز *وەربگریت* هیچ خەرجێکت لەسەر نابێت ـ و ئەم خەرجانە رەنگە لەگەڵ قەرزەکە دا بۆت حیساب بکرێن، هەر بۆیەش رەنگە پێویست بەوە نەکات لەو پارەیەی بۆ دوارۆژت پاشەکەوتت کردوە کەڵك وەربگریت. بەڵام بۆ دابین کردنی ئەم خەرجانە دەتوانی یارمەتی وەربگریت. راوێژکاری هاوس پراودتت دەتوانێ لەم بارەیەوە زانیاری زیاترت پێ بدات.

## هاوس پراو چ جۆرە کارێکی چاکسازی دەگرێتەوە؟

**نمونەی کارەکان بریتین لە:**

- ❑ حەمامێکی نوێ
- ❑ راکێشانی وایەری نوێ بۆ کارەباری ناوماڵ
- ❑ گەرمایی ناوەندی
- ❑ سەربانێکی نوێ
- ❑ تێگرتنی پەنجەرە یان دەرگای تازە
- ❑ دانانی ئاوەڕۆی نوێ
- ❑ بۆری ئاو
- ❑ مەتبەخێکی نوێ
- ❑ چاك کردنی سیستەمی سیکوریتی ناوماڵ
- ❑ گونجاندنی ناوماڵ بۆ یارمەتیدانی کەسێکی کەم ئەندام لە خێزانەکەتدا
- ❑ کەم کردنەوەی خەرجی بەکارهێنانی وزە

## هاوس پراود دەتوانێ چی پێشکەش بکات؟

- ❑ یارمەتی و پشتگیری تاکەکەسی لە لایەن راوێژکاری هاوس پراودی تایبەتیت.
- ❑ رێنمایەکی پسپۆڕانە لەلایەن راوێکارێکی سەربۆخۆی دارایی.
- ❑ خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو لە لایەن کارمەندانی تەکنیکی، سەردان لە خانووبەرە و هەڵسەنگاندنی خەرجی کارەکە.
- ❑ بەنا و خانووچێکەری لەکارزان و باوەڕپێکراو.
- ❑ بەسەرکردنەوەیەکی گونجاو لە کاری ئەنجام دراو. بەناکان تەنیا ئەو کاتە پارە وەردەگرن کە کارەکەیان بە باشی ئەنجام دابێت.

## ئایا پێویستیت بە زانیاری زیاتر هەیە؟

ئەم پۆست کارتەی بەم نامەیە پێچراوەتەوە پڕبکەوە یان بەم ژمارە تەلەفۆن بەلاشە **0800 7837569** پێوەندی بە هێڵی یارمەتی بکە و ئێمە چەپکێکی زانیاری و کاسێتێکی ڤیدیۆی سەبارەت بە هاوس پراودت بە خۆرایی بۆ دەنێرین.

هاوس پراود داواکاری هیچ داواکارێك بە هۆی رەگەز، رەنگی پێست، رەچەڵەك یان نەتەوەی جیاواز، توخم، باری خێزان، هەڵس و کەوتی جنسی، تەمەن یان کەم ئەندامیەتیەوە پشت گوێ ناخات.

ئەم نامیلکەیە پێویستە شان بەشانی بەڵگەنامەکانی تر سەبارەت بە ئاستی قازانج بخرێتە بەرچاو. کێ داوای بکات هەڵسەنگاندنێکی نووسراوی بۆ دەنێرین.
ئەگەر ئەم نامیلکەیە ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵ نیە تکایە تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارە تەلەفۆنە بەلاشە بکە: **0800 7837569**.

ئەگەر ئەو قەرزەی بۆ خانوەکەت وەرگرتوە یان هەر قەرزێکی تر نەدەیتەوە ئەوا رەنگە خانوەکەت لە مەترسی بکەوێت.